# ئەمن کوردم

ئەحمەد دەشتی

برا پێت بێژم ئەمن کوردێکم
بێ مافی ژین و خاوەن خاکێم
لەت لەت و پارە کراوە لانەم
ژێر دەست وبێبەش من لەم ژیانەم
زۆر لە مێژ سالە دەچەوسێمەوە
مالم وێرانەو دەمتوێننەوە
داگیر کراوە لانەی ژیانم
بێ بەش کراوم لە کوردستانم
دەمەوێ بژیم لە ناو مالی خۆم
ڕزگارو ئازاد لە ناو خاکی خۆم
منیش خاوەنی نیشتمانێم بم
ڕوو لە تەکنیك وپێشکەوتنی ژین بم
دەمەوێ منیش کیانم هەبێ
چارەنوسی خۆم لە دەستی خۆم بێ
وەك هەموو گەلان خەندان و ئازاد
لە ناو مالی خۆم بگرم جەژنی شاد
دەولەت ومافی سەربەخۆییم بێ
خاکی پێشکەوتوو و ئاوەدانم بێ
بەلام چی بکەم چی داوا دەکەم
بۆم نالوێت و هەر خەم باردەکەم
پێم دەلێن ئەتۆ کوردی مرۆ نی
دەبێ بکوژرێی شایستەی ژین نی
تۆ دەبی بژی لە ژێر دەستان دا
دوژمنانی کورد وایان بڕیاردا
گەر سەر بزێوبی ئەوا تێ دەچی
مافت داوا کەی هەر لە ناو دەچی
لە ناو مالی خۆم دەمچەوسێننەوە
بە جینۆ سائید دەمبڕێننەوە
دەبێ چی دوژمن داینا من وابم
ئەگەرنا دەبێ مێوان مەرگ بم
تاران و بەغداو ئەنقەرە وێکڕان
یەکتری دەگرن لە ڕێی کورد قڕان
بە ناوی خودا لە ناوم دەبەن
بە سورەی ئەنفال گیانم دەردەکەن
خوێنی خاکی کورد بەگوڕ دەڕێژن
تەرمی هەزاران کوردم دەنێژن
لەهەرچوار لاوە دەورەیان گرتووم
توخوا بڕوانین ، چیان لێ کردووم
بە هەزار هەزار بە کۆمەل گۆڕم
وا دەردەکەوی لە چۆم و لیڕم
لەناو جیهان دا دۆستێکم نیە
مافی ئازادی و سەربەخۆم نیە
ڕۆمیان و تازی وعەجەم پێکەوە
زۆر لە مێژ ساله دەم بڕێننەوە
سێ گورگی سۆرو ڕەش و بۆرەنە
پێکەوە ئەوان وا کورد خۆرەنە
تەعریبیان کرد خاك و گوندەکەم
داگیریان کرد شارە دلەکەم
گەرکوردیش وێکڕا دوژمن نەفرین کا
خاك و مالی خۆی زوو ڕزگار دەکا
پەرچەمی جوانی کوردستانی من
دەشەکێتەوە لە جیهانی من
کێ کە نەیارە تفیان لە ڕوو کەین
ڕویان ڕەشبکەین ، نەفرینیان بکەین
دەبێ وریا بین لەم ڕۆژگارە
دیسان وا هاتوون هەلیان لە بارە
خەردەل و سیانید دەکەن بەبەشم
گەر وریانەبم خۆم چارە ڕەشم
بۆ دوژمن نابێ خۆمان لە یاد کەین
هاوکاری لە گەل نەیاران بکەین
دەبێ هەمومان دەست لەناودەستبین
بۆیەکتر گولبین تا سەر بخۆ بین
پەبڤ و کرداری ڕامانی جوان
بکەین بە پیشەی ڕێگەی نیشتمان
نەفرین لە دوژمن نەفرین لە دوژمن
نەفرین لە پەست و ناکەس و کرمن

پێکەوە دەڵێین بژی کوردســـــتان
بمرن خائین و نەیار و پەســــــتان

www.kurdistannet.org کوردستان نێت